# جووتیار و بەرهەمی کشتوکاڵی
# لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی عەبباسیدا (١٣٢-٦٥٦ک/٧٤٩-١٢٥٨ز)

توێژینەوەی هەڵێنجراوی دکتۆرا

سەرپەرشتیار: پ.د.صلاح کانبی اسماعیل
زانکۆی سلێمانی-کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

خوێندکاری دکتۆرا: م.ی.سۆران بەها ئەحمەد
soranbaha@gmail.com
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:٢٠٢٤\٨\١٢
ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٩\٨

**پوختە:**

سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری ئەدەبیاتی مێژوویی دەربارەی دیوە سیاسییەکانی رابردووە، بەڵام هێشتا هەوڵ و بەرهەمی جووتیار و پاڵەی ماندوو، لە نێو ئاماژە پەرت و ناڕاستەوخۆکاندا، ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ئەوان پیشاندەدات، بە جۆرێک نەتەنها پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لەلایەن ئەوانەوە بەرهەمهاتووە، بەڵکو ژێرخانی کەرەستەکانی پیشەسازی ڕستن و چنین و تەنانەت بازرگانی کاڵا و شمەکی خۆراکی، بە هۆی دەسترەنجی ئەوانەوە بووە.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی عەبباسی (١٣٢-٦٥٨ک/٧٥٠-١٢٥٨ز) وەربگیرێن، کە زیاتر مەبەست هەرێمەکانی (خوزستان، فارس، چیاکان، تەبەرستان، قومس، خوراسان، سجستان و ماوراءالنهر)ە، میتۆدی توێژینەوە لە لێکۆڵینەوەی چەمکی جووتیار شیکارییە (المنهج التحليلي) و لە خستنەڕووی ئاماژەکانی پەرتووکە وڵاتناسییەکان پەسنییە (المنهج الوصفي) و بە دووبارەبوونەوەی ئاماژەکان بە هەریەک لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، گریمانەی بەرهەمهێنانی هەریەک_لە بەرهەمەکان خراوەتەڕوو. مەبەست لە ئاماژەدان بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش، خستنەڕووی چالاکییە ڕاستەوخۆکانی جووتیارەکان بووە، لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا.

Commented [E1]: لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پیشەسازی بوونی نەبووە پیشەگەری / لە ڕاستیدا سەردەمی نوێ پاشخانی واتایی هەندێک وشەی گۆڕیوە، دەنا هەندێک وشەی وەک پیشەسازی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تەنانەت لە پانتایی مەعریفیشدا بە اکر هاتوون، وەک کتیبەکەی التفهيم في صناعة التنجيم یا خود کتێبی صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، ئەمە وێڕای ئەوەی لە بەکارهێنانی وشەی پیشەگەری، (کەرەستەکانی پیشەگریی ڕستن و چنین) کەمێک ڕستەکە نارێک دەبێ، بە هەر حاڵ، ئەگەر هەڵسەنگێنەر پیشەگەریی زیاتر بە لاوە مەبەست بوو دەتوانم ئەوەی لە جێگە دابنێم.

**کلیله وشە:**
جووتیار، خۆرهەڵاتی ئیسلامی، کەرەستەکانی ڕستن و چنین، بەرهەمی کشتوکاڵی.

## پێشەکی:

لەم توێژینەوەیەدا ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی وەرگیراون، بە تایبەت هەرێمەکانی چیاکان، لوڕستان، سجستان، فارس، کرمان، قوهستان، تەبەڕستان، خوراسان و ماوراءالنهر، هەرچەندە هەردوو هەرێمی ڕیحاب (الرحاب) و سند(السند)یش بەشێکی خۆرهەڵات بوون، بەڵام بە هۆی فراوانبوونی پانتایی جوگرافی لێکۆڵینەوەکە و هەروەها لە پێناو زاڵبوون بەسەر ناوچەی دیاریکراودا، خۆمان لە باس و لێکۆڵینەوەی ئەم دوو هەرێمە بواردووە. لە هەڵێنجانی داتای بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و باسکردنی تایبەتمەندی کشتوکاڵیی شار و لادێکانی هەر هەرێمێک، هەوڵدرواە بە ناوی شارەکان ئاماژە بە زانیارییەکان بکرێت و لە شۆڕ بوونەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی وەک دێ و لادێ ـرستاق و القریةـ خۆببوێرین. لە نێو شارەکانی خۆرهەڵاتیش زیاتر ئاماژە بەم شارانە کراوە: ئەسفەهان، کاشان، هەمەدان، خاقان، قەزوین، ڕەی، دەینەوەر، نەهاوەند، میهرەجانقەزەق(مهرجانقذق)، ماسەبزان، زەنجان، نەیشابور، مەڕو، شاش، بوخارا، فەرغانە، سەمەرقەند، شاهەنجان، توخارستان، بەڵخ، جورجان، کرمان، ئەهواز، ئوستوخر(اصطخر)، دارابوجرد، ئەڕەجان، ئەردەشیر خورە(أردشیرخره)، فەسا، کرمان(ابن خرداذبة، ١٩٩٢م: ٢٠-٥٨، اليعقوبي، ١٤٢٢هـ: ص‌ص ٧١-١٢٦).

بۆ خستنەڕووی بەرهەمی جووتیارانی ناوچەکە، پشت بە سەرچاوەی هەمەجۆری وەک: پەرتووکە وڵاتناسییەکان، پەرتووکە مێژوویی و هەندێک جار ئەدەبییەکانیش بەستراوە، بەڵام لە داتاکانی چارتەکەدا، تەنیا (٨) هەشت کتێبی وڵاتناسی وەرگیراون، لەگەڵ (١) یەک پەرتووکی گەڕیدەیی، هۆکاری ئەمەش بۆ بنچینەیی بوونی ئەو سەرچاوانە لە بواری جوگرافیای ناوچەکە بووە، هەروەها لە ناو ماوەی توێژینەوەکەشدا بوون، بەڵام پەرتووکەکەی إبن رستة (د.٢٩٠ک/٩٠٢ز) و إبن خرداذبة (د.٣٠٠ک/٩١٢ز) بە هۆی نەبوونی هیچ ئاماژەیەک بە بەرهەمی کشتوکاڵی وەرنەگیراون.
لە ناو پەرتووکە وڵاتناسییەکانیش، (٤) چوار دانەیان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەوانی دیکە گرنگترن، کە بریتین لە: المسالک و الممالک، صورة الأرض، أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم، معجم البلدان، لە ناو ئەم چوارەشدا، پەرتووکەکەی المقدسي (أحسن التقاسیم) لە ڕووی دیاریکردنی جوگرافیای کارگێڕی هەرێمەکانی خۆرهەڵات و ئاماژەدان بە بەرهەم کشتوکاڵییەکان، لەوانی دیکە باشترە، بە سەرنجدان لەوەی لە ڕووی قەبارەشەوە کورت و پوختە.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین چەمکناسی جووتیار لە مەعریفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بخەینەڕوو، چونکە لە ناو سەرچاوەکاندا بە زۆر شێوەیە ناوی جووتیار هاتووە و پاشان بەرهەمی جووتیاران لە پانتایی جوگرافی ناوچەکان باس دەکەن، هەرچەندە پەرتووکەکان لە باسکردنی هەر بەرهەمێکدا ئاماژەیان بە جووتیارەکان نەکردووە، بەڵام دواجار بەرهەمەکان نیشاندەری چالاکی ڕاستەوخۆی جووتیارانن.

**Commented [E2]:** دێ و لادێ کەمێک جیاوازن (لەم توێژینەوەیە و لە نامەی ماستەری توێژەریشدا جیاوازی کراوە لە نێوان دێ و لادێ، دێ لەبەرامبەر رستاق عەرەبی بە کار هاتووە، و لادێش لە بەرامبەر القریة، چونکە لە نێو پەرتووکە وڵاتناسییەکان رستاق چەندین لادێی لە خۆ گرتووە، لە هەمان کاتدا چونکە شارەکان تایبەتمەنی دێی گەورەیان بووە، شارەدێ بە کار نەهاتووە، تکایە ئەگەر ئەم ڕوون کردنەوە جێی ڕەزامەندی نەبوو ئاگادارم بکەنەوە با شارەدێ و دێ دابنێم) ئەمە جگە لەوەی زۆربەی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕاستیدا شارەدێ بوون و هێندەی تایبەتمەندییەکانی گوندەکانیان پێوەدیار بووە هێندە شاری نەبوون
دێ و شارەدێ/ دەڤەر
قال الفیومي: الرّسْتَاق معرَّب، ویستعمل في الناحیة التي هي طرف الإقلیم،

**Commented [h3R2]:**

## تەوەری یەکەم: جووتیار لە مەعریفەی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستدا

مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاست، گرنگی زۆریان بە لایەنە سیاسی و کارگێڕیەکانی خیلافەت داوە، هەر بۆیە مێژووی کۆمەڵایەتی و مێژووی کۆمەڵگە لە زۆر گێڕانەوەو گوزارشتی تایبەت بە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بێبەشن(Arslan, 2011:124)، ئەمەش گرفتی زۆر گەورەی لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا دروستکردووە، بە ڕادەیەک، ئەگەرچی لەنێو پەرتووکە ئەدەبی و فیقهیی و هاوشێوەکانیاندا هەندێك ئاماژەو زانیاریی هەن، بەڵام بەو ئەندازەیە نین کە بتوانن ئەو کەلێنە مێژووییە پڕبکەنەوە.
ئەوەی لە دابەشکاییە چینیایەتییەکانی کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاستدا جێگەی تێڕامانە، ئەوەیە ئەم دابەشبوونە هەرچەندە لەسەر بنچینەی پیشەو داهات و پلەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بووە، تەنانەت پەرتووکەکانی لەجۆری سیاسەتنامە و ڕێنمایی

sjh@univsul.edu.iq
SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پادشایان (نصایح الملوک) هەندێکجار بەشی تایبەتیان لەبارەی چینی تایبەت و چۆنیەتی پەروەردەی منداڵی دەسەڵاتدارەکان تێدایە(الماوردي ,١٤٠٣هـ: ١٥٩-١٩٢)، کەچی لەمانەدا جووتیار تەنانەت وەک پیشەش سەیرنەکراوە و ناوی نەهێنراوە. بێگومان ئەم لەخواربوونەش ـالدنیةـ تەنیا لە ڕاڤەی ئابووری و ڕێژەی موڵک و ساماندا نەبووە، بەڵکو لە ڕووی ڕۆشنبیری و پێگەی کار و پیشەش بووە، پاساوی جاحظ(ت٢٥٥هـ/٨٦٩م)یش بۆ ئەوەی جووتیاری لە خوارەوەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا داناوە، هەرئەم لایەنە بووە(حسن، ٢٠٠٩م:١٦٣-١٦٤).

بەشی زۆری جووتیارەکان لە لادێکان نیشتەجێ بووبوون و هەندێکیشییان شارەکان بوون و بە کاری پاڵەیی و شوانییەوە سەرقاڵبوون(عبدالباقی، ١٩٩١م: ٥٠)، لە میانەی سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە زۆر شێوە ناویانهاتوو. لەوانەیە وشەی أکار (کۆی وشەی أکرة) زیاتر لەوانی دیکە بەکارهاتبێت(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٦٥، البیروني،١٣٨٠ش:٢٩٩، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:١٤٢، إبراهیم مصطفی و آخرون،١٤٢٥هـ:ج٢٢/١)، چونکە مەبەست لەم وشەیە تا ڕادەیەکی زۆر کاری جووتیاری بووە نەک خاوەن زەوی(البیروني،١٣٧٤ش:٢١٧)و لە توێژینەوەکەدا بە مانای سەپان و کرێگرتە بەکارمانهێناوە، چونکە ئەم وشەیە بۆ بێگاریش بەکار هاتووە. هەروەها لە ڕووی واتاییەوە، وشەیەکی نزیک لە (أکرة)ش بەکارهاتووە، کە نظامالملک (٤٨٥ک/١٠٩٢ز) بە (حَشَر) گوزارشتی لێوەکردووە، بەتایبەت لەوەدا کە باس لە بەزۆر ڕاپێچکردنی جووتیارانی بۆ بەرەکانی جەنگ کردووە(١٣٦٤ش:٢٧٦)، وشەی (حَشَر)یش بە واتای کۆکردنەوەو ڕاپێچکردنی ئادەمی بۆ شوێنێک هاتووە (إبن منظور، ١٤١٤هـ: ج١٩٢/٤، صفيپوری، ١٢٩٦ش: ج٢٤٨/١) لە پەرتووکە فیقهیەکانیشدا هەندێکجار وشەی (مؤاکر) و (خبیر) (المروزي،١٤٢٥هـ: ج٢٦٦٦/٦) بۆ جووتیار بەکارهاتووە، (مؤاکرة) و (مخابرة)ش بۆ بەکرێگرتنی زەوی کشتوکاڵی بووە (الإسفراییني،١٤٣٥هـ:ج٢٣٨/١٢، العمراني،١٤٢١هـ:ج٢٧٧/٧)، (المزارعین یان المزارعون) کەمتر لە (الأکرة) بەکارهاتووە(البلاذري،١٩٨٨م:٢٨٨، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٥٧، البیروني،١٣٨٠ش:٢٩٩)، لە سەرچاوە فارسییەکانیشدا بە بەرزگەر(برزگر) ناویانبراوە(قمي،١٣٨٥ش: ١٥٠)، هەرچی (الفلاح)یشە زۆر بە دەگمەن لە سەرچاوەکاندا هاتووە. لەوانەیە بۆ یەکەمجار إبنوحشیة(٣١٨ک/٩٣٠ز) ئاماژەی پێکردبێت(١٩٩٣م:ج٢٥٢/١-٢٥٣). پێدەچێت بەکارهێنانی (الفلاح) زیاتر بۆ ئەو کەسانە بووبێت، کە خۆیان خاوەن زەوی بوون، چونکە بە پێی یەکێک لە گێڕانەوەکانی ابن الفقیه (م.پ ٢٥٥ک/٨٦٨ز)، ئەوە جووتیارانی ناوچەی زنجان بوون، کە زەوییەکانی خۆیان داوەتەپاڵ (إلجاء) یەکێک لە کوڕانی خەلیفەی عەبباسی(الهمداني،١٤١٦هـ:٥٦٠). لە پەرتووکی (الإمتاع و المؤانسة)شدا لە باسی تایبەتمەندییەکان ئاژەڵ و باڵندەکاندا، ئاماژەیەکی لابەلا بە جووتیار کراوە، کە بەیانیان زوو لەگەڵ دەنگی کەڵەشێر جووتیارەکانیش (الفلاحین) لە خەو هەڵدەستن تاوەکو بچنە سەر ئیشەکەیان(التوحیدي، ١٤٢٤هـ:١٣٣). ئەم وشەیە تەنیا لە ناوی پەرتووکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، واتە وشەی الفلاح بۆ پیشە بە کار نەهاتووە، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، لە نێو زمانی عەرەبی و هەر لە پێش ئیسلامیشەوە، ئەم وشەیە –الفلاح- مانایەکی گشتگیرتری هەبووە؛ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، تەنانەت بۆ بەخێوکردن و کەرتی ئاژەڵداریش هەندێکجار (فلاحة الحیوانات) بەکارهاتووە (Lambton,1991:902).

پەرتووکە کشتوکاڵییەکان گرنگیان بە ئەزموونەکانی بواری کشتوکاڵ داوە، بەڵام بە هیچ کلۆجێک لایان لە ژیان و شوناسی جووتیار نەکردووەتەوە(العبیدي،١٩٧٩م:٣٧٠)، هەربۆیە لە یەکەم پەرتووکی ئەم بوارەدا (الشهابي، ١٣٨٠هـ: ٥٢٩)، واتە (الفلاحة النبطیة)، هەتا سەدەی (حەوتەمی کۆچی/سیانزەی زایینی)، کە چواچێوەی توێژینەوەکەمانە و پەرتووکی (بغیة الفلاحین في الاشجار المثمرة و الریاحین) (الرسولي،٢٠١٦م)، زۆر بە سەرپێیی باسی خودی جووتیار کراوە و ئاماژەکان جێگەی تێڕامانن، کەچی بە تێر و تەسەلی لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی زەوی چاک، کاتی جووتکردن، چاندن و شێوەکانی بە پیتکردن، پەین و دەرمانی قڕکەری پەتای کشتوکاڵی، دروێنە و چۆنێتی هەڵگرتنی بەرهەمەکان کراوە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان لەوانە نەکردووە، چونکە جگە لە پەرتووکە کشتوکاڵییەکان، توێژینەوەی زانستیش لەو بارەیەوە ئەنجامدراوە. لەوانەیە یەکێک لە هۆیەکانی پشتگوێخستنی ژیان و گوزەرانی جووتیار لە نێو پەرتووکە کشتوکاڵییەکاندا ئەوەبووبێت، کە نووسەرانی پەرتووکەکانی بواری (الفلاحة) خۆیان بەشداریی پرۆسەی چاندن و وەرزێرییان نەکردووە، ئەمەش پێچەوانەی نووسەرە ئەندەلوسییەکانی بواری کشتیارییە، کە هاوکات خۆیان جووتیاربوون، کاریگەریی ئەمەش لە نووسینەکانیاندا ڕەنگیداوتەوە ( الشهابي، ١٣٨٠هـ: ٥٣٥).

**Commented [E4]:** (الجاحظ 255ك/869ز)یش

**Commented [h5]:** بۆ تێکەڵ نەبوون لەگەڵ شێوزی پەراوێزنووسی هارڤارد ی ناو دەق ، هەمان شێوازی پێشووم هێشتەوە، ئەگەر هەڵسەنگێنەری بەڕێز بە باشی زانی دەیهێلینەوە و ئەگەریش بە پێویست زانی بگۆڕدرێت ئەوا شێوازی پێشنیارکراوی بەڕێزیان دادەنێم

**Commented [h6]:** دوای تەواو بوونی ئەم دێڕە پێناسەم کرد

**Commented [h7]:** دوای تەواو بوونی ئەم دێڕە پێناسەم کرد

sjh@univsul.edu.iq
SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034


خۆرهەڵاتی خیلافەتی عەبباسی، بە هۆی فراوانی سنووری جوگرافی، جیاوازی تۆپۆگرافی و ئاووهەوای ناوچەیی، جۆرەها شێوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی تێدابووەو زۆر جار پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکە حوکمی بەسەر شێوازی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی جووتیاراندا کردووە(خلف،٢٠٢٢م:٧٤-٨٣)، بۆ نموونە؛ ناوچەکانی هەرێمی چیا، خۆراسان و ئەوپەڕی ماوراءالنهر ڕێژەی زەوی کشتوکاڵی بەرئاو و لەوەڕگا و بەخێوکردنی ماڵاتییان لەچاو ناوچەکانی دیکەدا زیاتربووە و زۆربەی شوێنەکان کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان تێدا کراوە(الداغر،٢٠٠٩م:١١٢)، هەروەک چۆن ناوچە گەرمەکانی وەک؛ لوڕستان، ئەهواز، سجستان و کرمان زیاتر بەرهەمەکانی ناوچەی گەرمەسێری تێدابووە، وەک خورما و لۆکە. تۆماری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەناو پەرتووکە وڵاتناسی و گەڕیدەییەکاندا، وێنەی کشتوکاڵێکی گەشەسەندوومان پیشاندەدەن، کە زۆربەی ئاودێری بووە(لمبتن، ١٣٧٢ش: ١٧٣). بەرهەمەکانیش هەم ئاوێنەی چالاکی جووتیاران و هەمیش خۆراک و بژێوی ژیانی ڕۆژانەیانن، بەڵام هەروەک ئەندرێ میکێڵ گوتوویەتی: "پۆلێنبەندی بەرهەمەکان و شێوەی خۆڕسکبوون یان چاندنکاری کۆی گشتی بەرهەمەکان لە نێو سیپارە جوگرافییەکاندا یەکلایی نەکراونەتەوە، هەندێک لەوانە پێدەچێت خۆڕسکبووبن و زۆربەشیان بەرهەمی چاندنی جووتیاران بوون"(میکیل،١٩٨٣م:قسم٢/١٣٥).

ئەگەر داتاکانی خەراج بۆ پێوانەی بەرهەمی جووتیارەکان هەژماربکرێت، ئەوا نیشاندەری ڕادەی بەشداری جووتیارەکانە لە بەرهەمهێنان و دەوڵەمەندی ناوچەکانی خۆرهەڵات، بە ڕادەیەک لە داتاکانی الجهشیاریدا (٣٣١ک/٩٤٣ز)، سەرەڕای هەژمارنەکردنی خەراجی هەردوو هەرێمی ئازەربێجان و سند (أذربیجان و السند)، کەچی کۆی گشتی خەراجی ناوچەکانی دیکە هەتا سەردەمی هارون‌الرشید زیاتربووە لە (١٧٢،٠٠٠،٠٠٠) سەد و حەفتاو دوو ملیۆن درهەم، لە کاتێکدا بە پێی ئاماژەکانی الجهشیاري کۆی خەراجی ناوچەکانی ئەرمینیە، قەنسەرون، حمس، دیمەشق، ئوردون، فەڵەستین، میسر، بەرقە، ئەفریقیە، یەمەن، مەککە و مەدینە (أرمینیة، قنصرون، حمص، دمشق، الأردن، فلسطین، مصر، برقة، أفریقیة، الیمن، مكة و مدینة) تەنیا (١٥٢،٢٤٠،٠٠٠) سەد و پەنجاو دوو ملیۆن و دووسەدو چل هەزار درهەم بووە(الجهشیاري،١٤٠٨هـ:١٨٠-١٨٦)، ئەمەش نیشانەی ئاوەدانی و دەستیکاری جووتیارانی خۆرهەڵات بووە.

**تەوەری دووەم: بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ڕێژەی بەرهەمهێنانیان**

لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە بە شیکردنەوەی داتاکانی پەرتووکە وڵاتناسی و گەڕیدەییەکان، ئاستی هەریەکێک لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەچارتێکدا بەراورد بکرێن تاوەکو ڕێژەی بەرهەمهێنانیان بخرێتەڕوو. بە پێی چالاکییە کشتوکاڵییەکانیش، جگە لە ئاماژەدان بە چەندین بەرهەمی وەک: دانەوێڵە (گەنم، جۆ، گەنمەشامی، برنج و هەرزن)، میوە، سەوزە، بەهارات و کاکڵەدارەکان، زۆربەی ئاماژەکان باس لە چالاکییەکی جووتیاران دەکەن، کە بە سێ دەستەواژەی (بستان، ضیاع و زروع)، گوزارشتیان لێوەکراوە و ئەندرێ میکێڵ پێیوابووە، مەدای ناسینەوەی هەریەک لەوانە دیارینەکراوە و دەشێت هەرکامێکیان بۆ ئەوەی دیکەش بەکاربهێنرێت، بۆیە زۆرترین ئاماژەی چالاکییە کشتوکاڵییەکانیش بۆ ئەو سێیە تەرخانکراوە.


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




میتۆدی ئێمە لە خوێندنەوە و وەرگرتنی داتاکانی پەرتووکە وڵاتناسی و گەڕیدەییەکان بەپێی ژمارەی ئاماژەدان بە هەریەک لە بەرهەمەکان بووە و پەرتووکێکی وەک (المسالک و الممالک)ی ابنخرداذبة (د.٣٠٠ک/٩١٢ز) وەرنەگیراوە، چونکە زیاتر دیاریکرنی ڕێگەکان و دووری نێوانیان بووە و هیچ داتایەکی بۆ ئاماژەپێدان تیانەبووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو پەرتووکە جوگرافییانەی لەدەرەوەی ماوەی توێژینەوەکە بوون، ئەوانیش بە هەمانشێوە وەرنەگیراون، لێرەدا کۆی بەرهەمی جووتیاران دەخەینەڕوو، کە زیاتر پشت بە پەرتووکی وڵاتناسان بەستراوە بۆ شیکاری ئەم داتایانەش، پشت بە میژانیزمی دووبارەبوونەوەی ئاماژەکان بەستراوە، واتە ژمارەی ئاماژەدانەکان بۆ بەراوردکردنی نێوانیان بەکار هێنراوە. داتای بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە باسکردنی دانەوێڵەدا، بەتایبەتی گەنم و جۆ، زۆر بەکەمی ئاماژەیان بەم بەرهەمانە وەک قووتی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کردووە و زۆر بە کەمی باسی لێوەکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە نان لە هەرەمی خۆراکیدا پلەی یەکەمی هەبووە(ناجی،١٣٩٣ش:٥٥٥/٦)و هەموو چین و توێژێک کۆمەڵگە ئاتاجی بووە(ئەحمەد،٢٠١٩م:١٦٥-١٦٦)، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش بۆ دوو شتی سەرەکی گەڕابێتەوە؛ یەکەم: زۆریی ڕووبەری چێندراو لە گشت ناوچە و هەرێمەکانی خۆرهەڵات، بە جۆرێک هیچ (کورە، طسوج، رستاق) و لادێیەک نەبووە، کە گەنم و جۆی تیانەکرابێت، تەنانەت ناوچەکانی تەبەرستانیش، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی کەشی باراناویی ناوچەکەوە بۆ چاندنی گەنم و جۆ لەبارنەبووە، هێشتا گەنم و جۆی تێدا بەرهەمهاتووە، دووەم: مەعریفەی وڵاتناسان زیاتر گرنگیدانبووە، بە تایبەتمەندی کشتوکاڵی هەرناوچەیەک، لەم سۆنگەیەوە، ئاماژەدانی وڵاتناسان بۆ پۆلێنبەندی ڕووەکەکان(تصنیف النباتات) نەبووە، بەڵکو لەو پێگەیەوە بووە، کە کاڵا خۆراکییەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بوون و لە خانەی جوگرافیای مرۆییدا دانراون(میکیل،١٩٨٣م:قسم١٤١/٢).

١-٢: دانەوێڵە (گەنم، جۆ، برنج، گەنمەشامی، هەرزن و کونجی):

١- گەنم و جۆ: دانەوێڵە لە خوزستان، فارس، خوراسان، گەنم لە ئەستەرئابادی تەبەڕستان و مایینی ئوستوخر و قوم ( الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٣٩٣/١، ابن بلخى، ١٣٧٤ش:٢٨٩، ٣٠٥، ٣١١، ٣١٤، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٣ - ٣٢٤، ٣٣٢، ٣٣٨، ٣٧٧، ٣٧٩، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤، مرعشى، ١٣٦١ش: ٢١٨، ابن بلخى،١٣٧٤ش:٢٩٠، قمي،١٣٨٥ش: ١٥٠) زۆربووە، جووتیارانی ناوچەی بەرخوار لە ئەسفەهان نزیکەی (١٠٠) سەد کێڵگەی کشتوکاڵییان ئاوەدانکردووەتەوە، کە جگەلە بەرهەمەکانی دیکە، جۆرەها دانەوێڵەیان تێدا بەرهەمهێناوە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١١)، زۆربەی دانەوێڵەی خوزستان لە جۆری گەنم و جۆ بووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٦٣)و لە هەرێمی (کرمان)یش جووتیاران بە زۆری جۆیان چاندووە (الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٤٣٦/١)، شاری ئسبیجابی (ماوراءالنهر)یش، بۆ دانەوێڵە زۆر بەپیتبووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:١٨٦)، لە سەمرقندیش لە پانتایی فراواندا چێندراوە و نرخەکانیش لە زۆربەی شارەکانی ناوچەکەدا نزمبوون(إبن حوقل،١٩٩٢م:٤١٠، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢٤٨/٣، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٢٧١). بەهای کاری جووتیاریی لە ناوچەکانی سەمەرقەند، هاوتەریب لەگەڵ ژینگەی سروشتی لەباردا، بەجۆرێک لە بەرهەمهێنانی دانەوێڵەدا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئەگەر شێوەکانی چاندن و کاتەکانی دروێنە بە باشی ڕێکخرابێتن، ئەوا بەرهەمەکەی هێندەی دوو ساڵ بڕشتی هەبووە(المقدسي، ١٤٢٤هـ:٢٧٩). گەنم و جۆ لە هەمەدان بە ڕێژەی زۆر بەرهەمهاتووە، هەروەها لە ئەهواز و رامهرمزی خوزستان زۆر بووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٩، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٢، ٤٠٧)، بەڵام لە تەبەڕستان، چاندنی گەنم و جۆ زۆر کەمبووە و لە ڕووی جۆرێتییەوە باشنەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٢٦)، چونکە زۆربەی ڕۆژەکان باران باریوە و ژینگەی سروشتی ناوچەکە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ لە بارنەبووە.

٢- برنج: لە بشاپوری کورەی شاپورخورە زۆر چێندراوە(ابن بلخى،١٣٧٤ش:٣٤٢)، برنجی ناوچەی تەبەڕستان لە ڕووی جۆرێتییەوە باشترین جۆر بووە و لەوانەیە لە بواری پزیشکیشدا بەکارهێنرابێت، چونکە بەپێی گێڕانەوەی یەکێک لە توێژەران، پزیشکی بە ناوبانگ إبن ربن الطبري(م٢٥٧ک/٨٧٠ز) لەگەڵ هەندێک لە جووتیاران لە بارەی برنجی تەبەڕستانەوە قسەوباسی کردووە و ئەوانیش پەسن و سەنای برنجی ئەوێیان زۆر بۆکردووە(حیاتی و دیگران،١٣٩٩ش: ٣٨). لە شاری خەشم لە جەیلانات(الجيلانات)، کە ناوەندی بانگەوازی عەلەوییەکان بووە لە نیوەی دووەمی سەدەی (سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی) برنجی زۆر باشی لێ بەرهەمهاتووە، لە ناوچەکانی ئەستەرئابادی تەبەڕستانیش برنجی زۆر کراوە(القزويني، ١٩٩٨م :٣٥٣ -٣٥٤، مرعشى، ١٣٦١ش: ٢١٨)، جووتیارانی ئەهواز هێندە چەڵتووکیان کردووە، کە خواردنی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە بووە(الهمداني،١٤١٦هـ:٣٩٩، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٩)، لە ناوچەی شازەروان(الشاذروان)یش برنج بەڕادەیەکی زۆر بەرهەمهاتووە، بە جۆرێک نانی دانیشتوانی ناوچەکە لە برنج دروست کراوە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٩، لسترنج، ١٤١٣هـ :٢٦٩). لە کورەی )ئوستوخر)یش کێڵگەی برنج هەبووە(محمد، ١٤٤٣هـ:١٤١)، لە ناوچەکانی خوزستان، چاندنی برنج بە پلەی سێیەم هاتووە لە دوای گەنم و جۆوە و ڕووبەری زۆر فراوانی چێندراوی هەبووە و نانی لە برنج دروستکراویش خۆراکی ڕۆژانەیان بووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٦٣، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٥، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٣٩٤/١)، لە شاری هورات و مەڕو و فەرغانەش زۆر بووە(القزويني، ١٩٩٨م :٣٥٣ -٣٥٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٢٧١، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٤٨٠/١)، لە بەڵخ، خوارەزم و ماوراءالنهر یش لە ڕووبەری فراواندا چێندراوەو لە هەندێک ناوچەی خوراسانیش برنج هەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٧١، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٧١٩/٢، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣٩٦/٢).

٣- گەنمەشامی و هەرزن و کونجی: گەنمەشامی لە زۆربەی زەویە کشتوکاڵییەکانی کرمان چێندراوە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٩٩، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٧١)، هەرزنیش لە تورکستان و بەرخواری ئەسفەهان بەرهەمهێنراوە ( اليعقوبي، ١٤٢٢هـ:١٢٦، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٠٩). کونجی لە بەرخوار، نەسا، ئەبیوەردی خوراسان و بەڵخ بەرهەم هاتووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٢، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤-٣٢٥). جووتیارانی ناوچەی ئەسفەهان، بە هۆی زۆری دێیەکانی، لە بەرهەمی کشتوکاڵیدا دەوڵەمەند بوون و گوندەکانی شارەکە لە ئاستی بەرزدا دانەوێڵەیان بەرهەمهێناوە و ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی دانەوێڵە لە ناوچەکەدا هەرزان بێت و میوەشی زۆر بووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٠٩، المستوفي، ١٣٨١ش:٨٩-٩١).

**٢-٢: میوەکان:** بە پێی پەرتووکە وڵاتناسییەکان، لە ئاماژەدان بە وشەی میوە و بەبێ ناوهێنانی هیچ جۆرە میوەیەک، زیاتر لە (٢١٧) دووسەد و هەڤدە جار میوە بەکارهاتووە، لێرەشدا لە خستنەڕووی جۆری میوەکانی خۆرهەڵات، بە پێی ژمارەی ئاماژەدانی پەرتووکە وڵاتناسییەکان باسمانکردوون:

**١- خورما:** لە دارابوجرد و بەشکاناتی شیراز(الأصطخري،٢٠٠٤م:٧٨، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣٠٩، ٣١٤، ٣٢٤) و چەند ناوچەیەکی فارس هەبووە (إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٣٩، ٢٤٧، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٢١، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/١٦٨)، کە بەشی هەرەزۆری خۆڕسک بوون و پاشان جووتیارەکان ئەمجۆرە دارخورمایان بۆ ناوچەکانی دیکە گواستووەتەوە(الجبوري،٢٠١٩م:٢٢١). لە ناوچەکانی تەبەس(طبس) و کرمان(الیعقوبي، ١٤٢٢هـ:١١٥، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٧١، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٥٩)، ئەهواز(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٨-٢٢٩، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٢، ناصرخسرو، ١٣٣٥ش:١٢٥)، لە ئەڕەجان و خوزستان بەگشتی(الحموي،١٩٧٧م:مجـ١/١٤٣، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٧، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ١/٣٩٣) بەرهەمهاتووە و لە هەرێمی فارسیش بە خورمایی و تەڕی هەناردەکراوە جگە لەوەی وشککراوەتەوە و دۆشاویشی لێبەرهەمهێنراوە (الأصطخري،٢٠٠٤م:٦٣-٦٥، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٩-٢٣٢، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٥٠). خورمای کازرون کەموێنە بووە، لە شاری بەم، سەیمەڕە و سیروان (الأصطخري،٢٠٠٤م: ٩٣، ٩٩، ١١٨، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٥٢، مهلهل،١٩٧٠م:٦٤)، لە چەند ناوچەیەکی کەمی خوراسانیش خورما هەبووە و بە وشککراویش هەناردەکراوە(مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٢٣)، لە جورجان، سجستان و دەیلەم بەرهەمهاتووە (إبنحوقل،١٩٩٢م:٣٥٢،٣٥٥،٣٢٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤، ٣٥٧، الإدريسي،١٤٠٩هـ:مجـ١/٤٥٤). لە شاری بوست، چالاکی سەرەکی جووتیاران، چاندن و بەرهەمهێنانی خورما بووە، بە جۆرێک ژیان و گوزەرانییان لە سەر هەمانکار بووە(بیهقی، ب.س: مجـ٨/ص٥٨٢).

**٢- ترێ:** لە ناوچەکانی خوزستان، ، ئوستوخر، دارابوجرد، دەیلەم، هەمەدان، سجستان، خوراسان، بوخارا، بەڵخ، فەرغانە و مەڕو جۆرەها ترێ بەرهەمهاتووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٢٢،٣٥٢، ٣٧٠، ٣٧٤، ٣٩٢، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٢٧٥، ٢٨٥، ٣٢٥، ٣٥٣، ٣٥٧، ٤١٤، نیشابوری، ١٣٧٥ش:٢١٢، إبن بلخي، ١٣٧٤ش: ٣٠٥-٣٠٦، ٣١١-٣١٥، ٣٧٧، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ١/٤٥٦، الحموي،١٩٧٧م: مجـ١/٢٥٧، مجـ٢/١٧٢، مجـ٣/٢١٦، مجـ٤/٢٣٢)، بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو دەڤەر و ناوچەکانی هەرێمی فارسدا ڕەز هەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٣٩، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/١٦٨)، ترێی کشمیشی لە کورەی شاپورخورە زۆربووە(ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣٤٣)، دۆشاوی ترێ یان سرکە لە خوزستان بە ناوبانگ بووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٦٥)، لە لادێکانی هورات زیاتر لە (١٢٠) سەدو بیست جۆر ترێ هەبووە، کە چەند دانەیەکیان تەنیا لەوێ هەبوون(سمرقندی، ١٩٥٨م:٥٠، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ١/٤٧٢)، جووتیارانی ناوچەی تەبەس(طبس) بەهۆی ژینگەی وشک و بیابانیی شارەکەیانەوە، زیاتر ڕەز و ترێیان بەرهەمهێناوە(ناصرخسرو، ١٣٣٥ش:١٢٥). شەراب و مەی هەردوو دێی ئەلەنجان و ئەردستان زۆر بەناوبانگ بوون(الأصفهاني، ١٤٢٣هـ: ١٢٩)، مێوژی بەلخ و هورات لە هێچ شوێنێک وێنەیان نەبووە(الهمداني،١٤١٦هـ:٥١٦، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤)، لە سەمەرقەند(الأصطخري،٢٠٠٤م:١٨٠، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/١٢٨) و بە هۆی زۆری بەرهەمهێنانیەوە، ترێ لە ئەسفەهان هەرزان بووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٠-٣١١)، لە دونباوەندی هەرێمی چیا، شارەزوور، ڕەی و قەزوینیش هەبووە و سرکەی لێ دروست کراوە(الأصطخري،٢٠٠٤م:١٢٣، ١٢٤،المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٨٤، ٣٩٢، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٩٢، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/٣٦٠).

٣- کاڵەک: لە هەرێمی خوزستان، فارس، شاری ئەسفەهان، ڕەی، قوم، دەیلەم، نەیشابور، مەڕ و هورات زۆر بووە و تەنانەت بە وشککراویش بۆ بەغداد هەنارده کراوە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٦٤، ٣٦٥، المقدسي، ١٤٢٤هـ: ٣٧٥، ٣٩١، ٣٩٦، ٤١٤، قمي،١٣٨٥ش: ١٥٠، نیشابوری،١٣٧٥ش:٢١٢، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٢٨٧ ، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٤/٢٢٩). شەمامەش لە شیراز، توستەر، سیروان و سەیمەڕە هەبووە (إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤١٧، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣٢٤). هەنجیریش لە ئەڕەجان، شاپور، دارابوجرد، قەزوین، ئەسفەهان،

تەبەڕستان و دەیلەم هەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٢٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٨٤، ٤٢١، ٤٤٢، ناصرخسرو، ١٣٣٥ش:٥، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣١٣، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/١٦٨، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:٥٥).

٤- سێو و هەنار: هەندێک لە وڵاتناسان سێوی شیراز و ئوستوخریان بە مزر و شیرین پەسنکردووە(الهمداني،١٤١٦هـ:٤١٢، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٥٩، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٤٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٣٦) سێوی اصفهانیش تایبەتبوون(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٠، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٨٤)، لە فرغانە و نەیشابوریش زۆر چێندراوە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٩٢، نیشابوری،١٣٧٥ش:٢١٢)، سێوی شاری بوستام(بسطام) هەناردەی عێراق کراوە(الحموي،١٩٧٧م:مجـ١/٤٢١) لە یەزد و چەند ناوچەیەکی هەرێمی فارس هەنارێکی تایبەت بەرهەمهاتووە(ابن بلخی،١٣٧٤ش:٢٨٧، ٣٤٧، ٣٥٣)، لە قەزوینیش هەبووە(ناصرخسرو، ١٣٣٥ش:٥). هەناری مەلیسی لە شاری ئەڕەجان زۆر تایبەتبووە(مستوفي، ١٣٨١ش:١٨٨)، لە خوزستان، تەبەڕستان، دەیلەم، سەمەرقەند،زۆر بووە و هەناری ئەسفەهانێش ناسراوبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٠، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٣٠، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٥٧، ٤٠٢، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢/١٢٠).

٥-**هەرمێ، گێزەر، قۆخ، بەهێ، قەیسی و توو: بە** هۆی زۆری بەرهەمی هەرمێ لە ناوچەکانی ڕەی بەشێک بووە لە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانەکەی(مهلهل، ١٩٧٠م:٧٩)، لە قەزوین جۆرە هەرمێیەکی تایبەتی لێ بەرهەمهاتووە، کە بە عەبباسي ناسراوبووەو زۆر بەتامبووە وێنەی کەم بووە(لسترنج، ١٤١٣هـ :٢٥٧)، هەرمێی ئەسفەهانیش تایبەتبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٠)، لە بەڵخ، خوزستان و نیشابوریش بەرمێ زۆر بووە (المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٢، نیشابوری،١٣٧٥ش:٢١٢، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ١/٤٩٠). گێزەر لە خوارەزم(الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢/٣٩٦) و قۆخ لە ڕەی(المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٩٦) بەهێش لە ئەسفەهان جۆری تایبەتیان هەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٠). قەیسی ناوچەی سەرمەقی سەر بە ئوستوخر تایبەتبووە(ابن بلخی،١٣٧٤ش:٢٩٠)، لە ناوچەکانی ڕەی هێندە قەیسی زۆربووە، کە بەشێکبووە لە خۆراکی سەرەکی خەڵکی ناوچەکە(مهلهل، ١٩٧٠م:٧٩). بەرهەمی توو لە خوارەزم و ئەستوخر زۆر بووەو هەر بەم هۆیەوەش کرمی ئاوریشم بە ڕێژەی زۆر پەروەردەکراوە(ابن بلخی،١٣٧٤ش:٢٨٧-٢٨٨، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢/٣٩٦).

٦- مزرەمەنی: (نارنج)، الأترج (ترنج)، لیمۆ: لە خوزستان(، دارابوجرد و چەند ناوچەیەکی هەرێمی فارس، کرمان، سجستان، مازەندەران، تەبەڕستان، دەیلەم، سەیمەڕە و سیروان لە هەرێمی چیاکان، بەڵخ لە لایەن جووتیارانەوە بەرهەم هاتوون (الأصطخري،٢٠٠٤م:٧٨، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٢٤، ٢٣١، ٢٤٧، ٢٣٩، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٢١، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٥٣، ٣٥٧، ٣٩٣، ٤٠٢، ٤٢١، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣١١، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/١٦٨ ).

**٣-٢: سەوزەوات و کاکڵەدارەکان**

١-**سەوزەکان:** خەیار، کە لە نێو سەوزەواتەکاندا ئاماژەی پێکراوە، لە فارس، ئەسفەهان و نەیشابور هەبووە (إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٦٤، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:١٣٧،منور، ١٣٦٦ش: بخش اول/٧٨). باینجان لە ئەسفەهان بەشێکبووە لە خۆراکی ڕۆژانە و بە وشکراوەییش هەناردەکراوە(الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:١٣٧)، لە مەڕو و دەیلەمیش هەبووە(المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٦، ٣٥٧) هەبووە. سیر لە هەندێک ناوچەی تەبەڕستان و دەیلەم چێندراوە(المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٥٧)، زیرەش لە کرمان هێندە زۆربووە، هەناردە کراوە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٩٩)، لە دەینەوەریش تەرخون هەبووە (المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٩٦). زەیتوون لە خوزستان، ئوستوخر و شاپوری هەرێمی فارس، دەیلەم، تەبەڕستان، ئەسفەهان، ئەڕەجان،

سەیمەڕە و سیروانی هەرێمی چیاکان هەبووە (الهمداني،١٤١٦هـ:٤٠٨، الأصطخري،٢٠٠٤م:٧٨، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٣٩، ٣٢٤،المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٥٣، ٣٥٧، ٤٣٦، مهلهل، ١٩٧٠م:٦٤، الحموي،١٩٧٧م: مجـ١/١٤٣، مجـ٢/١٢٠، مجـ٣/١٦٨، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:٥٥، محمد، ١٤٤٣هـ:١٤١). جووتیارانی سجستان و ترمز(ترمذ) جۆرە ڕووەکێکیان بەرهەمهێناوە، کە لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا بە الحلتيت ناویهاتووە و وەک هەرسکەرەوە بەکارهێنراوە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٥٢، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤).

**٢-کاکڵەدارەکان:** گوێز:لە شاپورخورە بە ڕێژەی زۆر بەرهەمهێنراوە و بۆ شیراز و ناوچەکانی دەوروبەریشی نێردراوە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٣٩، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣٤٥و٣٤٧)، هەروەها لە ناوچەکانی ئەڕەجان، دارابوجرد، کورە شاپور لە هەرێمی فارس، ئەسفەهان، قومس و هەروەها سەیمەڕە و سیروان بەرهەمهاتووە (الهمداني،١٤١٦هـ:٤٠٨، الأصطخري،٢٠٠٤م:٧٨، ١١٨، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٤٧، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٨٤، ٣٨٩، ٤٢١، مهلهل، ١٩٧٠م:٦٤، الحموي،١٩٧٧م:مجـ1/٥٠٣، مجـ٣/١٦٨، مجـ٥/١٦١، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:٥٥)، لە هەندێک ناوچەش هێندە زۆر بووە کە نرخەکەی هەرزان بووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:١٢٣، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٧٠، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢/١٢٠) لە ناوچە ساردەکانی کرمانیش هەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٧١، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٥٩)، بستە لە ئەسفەهان، قوم، شاری تونی سەر بە نەیشابور و هەروەها لە شاری هورات هەبووە (الأصطخري،٢٠٠٤م:١١٩، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٥، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٤، ناصرخسرو، ١٣٣٥ش:١٢٥-١٢٦، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٢/٦٨٤، الحموي،١٩٧٧م:مجـ١/٣١٨)، لە دێی بەیهەق‌و لادێکانی دەوروبەریشی بستە زۆربووە، بەڵام لەساڵی (٤٢٨ک/١٠٣٦ز)دا بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی یەکێک لە نێردەکانی سلطان مسعود الغزنوي(٤٢١-٤٣٢ک/١٠٣١-١٠٤٠ز) زۆرینەی درەختەکان بۆ پێداویستی سووتاندنی سوپا لە سەرمای سەختی ئەو ساڵەو گەڵاداری ئەسپەکانیان بڕدراونەتەوە (إبن فندق، ١٣٦١ش:٢٧٣)، بندق لە ئەسفەهان، قوم و سەمەرقەند هەبووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:١١٩، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣١٥، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٥، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ٢/٦٨٤، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:٥٥) و بادەم لە فارس و ئەسفەهان و خوراسان هەبووە(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٧٠، المقدسي، ١٤٢٤هـ: ٤٢١، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣٢٣، ص٣٧٧، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٣/١٦٨، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:٥٥)().

**٤-٢: پەمۆ، ئاوریشم ، شەکر، پاقلەمەنی و زەعفەران**

**١- پەمۆ:** بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵات، بەتایبەتی هەرێمە گەرمەکان بەرهەمهێنراوە و جگە لەوەی لە چنینی جل‌و بەرگی خەڵکی ناوچەکەدا بەکارهاتووە، بۆ دەرەوەی ناوچەکانیش نێردراوە، بۆ نمونە؛ لە دارابوجرد قوماشی کەرباسی لێدروستکراوەو هەناردەش کراوە(ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣١٧)، لە سەرەخس و خوراسانیش، بەهۆی زۆری بەرهەمی پەمۆوە، پیشەسازی جل‌و بەرگ و پەچەی ئافرەتان لەو ناوچانەدا زۆربووە(الداغر،١٤٢١هـ:٦١-٦٣). هەندێکجاریش پەمۆ وەک کەرەستەی خاوی پیشەسازی، هەناردەکراوە، کە لە ناوچەکانی یەزد و دەوروبەری ئەم حاڵەتە هەبووە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٩٢)، لە ناوچەکانی بوخار، بەڵخ، جەهرومی سەر بە دارابوجرد، قوم، بەرخواری ئەسفەهان، خەلاری سەر بە شیراز، بەرهەمی زۆری لۆکەی لێ بەرهەمهێنراوە، (الأصطخري،٢٠٠٤م:١٥٨، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٠٩، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٢٦، ابن بلخی،١٣٧٤ش:٣١٦، الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ١/٤٩٠، قمي،١٣٨٥ش:١٥٠)، بە گوتەی النرشخی(م٥١٠ک/١١١٦ز) "جۆرە قوماشێک لە لادێی خەلار بەرهەمهاتووە، کە بە زەندەنیجی ناسراوبووە و هەناردەی ناوچەکانی دیکە کراوە"(١٣٦٣ش: ص٢١).

٢-ئاوریشم: بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە پەمۆ چێندراوە. لە شاری بەمی ناوچەی کرمان و لە ناوچەکانی خوارەزم و مەڕو هەبووە. (الإدريسي،١٤٠٩هـ: مجـ١/٤٧٩، أفضل كرماني، ١٣٨٤هـ:١٤١، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢/٣٩٦، مجـ٣/٣١٦). لە ناوچەکانی جەیلانات، ئاوریشمی نایاب بەرهەمهاتووە(مؤلف مجهول، ١٩٨٨م: ١٥٣، القزويني، ١٩٩٨م :٣٥٣-٣٥٤)، لە شاری ڕەی لە هەرێمی چیاکان و لە ڕامهورموزی خوزستانیش قوماشی ئاوریشمی هەناردە کراون(الهمداني،١٤١٦هـ:٥١٥، الأصطخري،٢٠٠٤م:٦٤، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٣١).

**[E8] Commented:** پیشەسازی بۆ ئەو سەردەمە دروست نییە
دروستکردنی پۆشاك
رستن و چنینی پۆشاك
پۆشاك بەکاربێت لە جلوبەرگ گونجاوترە بۆ ئەم تێبینییە لە سەرەتای توێژینەوەکە
ڕوونکردنەوەیەلم داناوە، ئەگەر قایلکەر بێت ئەوا ئەم وشەیە دەهێڵمەوە

٣- شەکر:لە دەوروبەری کرمان و هەرێمی فارس بە گشتی و لە ئەهوازیش بەرهەمهێنراوە (الهمداني،١٤١٦هـ:٣٩٩، إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٨، ٢٧١، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٢، ٤٠٤، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٤١، أفضل كرماني، ١٣٨٤ش:١٤١) لە ناوچەی عەسکەرموکەرمی شاری ئەهوازیش یەکێک لە باشترین جۆرەکانی شەکر بەرهەمهاتووە و هەموو ساڵێکیش لەگەڵ خەراجدا، برێکی زۆری بۆ خەلیفە نێردراوە(الأصطخري،٢٠٠٤م:٦٣، الثعالبي: ثمار القلوب، ص٥٣٠ و ٨٣٦)، شۆرەتی شەکری ئەهواز هەتا بێزەنتە و ئەوروپای ناوەراستیش رۆشتووە(المظفر، ١٩٨٨م:١٧٢) و شاری (سوس)یش لە خوزستان شەکری لێ دروستکراوە(المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٠٥)، هەروەها لە بەلْخ، دەیلەم، تەبەرستان و سجستانیش قامیشی شەکریان لێبەرهەمهێنراوە(الأصطخري،٢٠٠٤م:١٥٧، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٧٦، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:١٢١، ١٥٤،الحموي،١٩٧٧م:مجـ1/٣٥١).

٥- **پاقلەمەنی:** لە هەرێمی فارس، شاری قوم، ناوچەکانی ئەهواز، شارو مەو چێندراوەو (إبن حوقل،١٩٩٢م:٢٢٩، ٢٦٥، ٣٦٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٤٢١، قمي،١٣٨٥ش:١٥٠) لۆبیاش لە دەیلەم هەبووە(المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٥٣).

٦- زەعفەران: لە هەمەدان و دەینەوەر بە ڕێژەی زۆر بەرهەمهاتووە و زەعفەرانی روزراوەر بۆ ناوچەکانی دەوروبەری نێردراوە.(إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٠٦-٣٠٧، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٨٤)، هەروەها فارس، ئەسفەهان، بروجرد، نەهاوەند، کەرەج، قوم، دەیلەم، تەبەرستان، ماوراءالنهر هێندە بەرهەمهاتووە کە هەناردەش کراوە ( الأصطخري،٢٠٠٤م:١١٧-١١٨، ١٦٢-١٦٧، إبن حوقل،١٩٩٢م:٣٠٩، ٣١٣، ٣٨٥، ،، مؤلف مجهول، ١٩٨٨م:٥١، ١٥١، ١٥٢، ١٥٤، المقدسي، ١٤٢٤هـ:٣٢٦، ٣٩٣، ٤٤٣، الحموي،١٩٧٧م:مجـ٢٠٨/١، الأصفهاني، ١٤٢٣هـ:٥٣).

**دەرەنجام:**

**١.** ئەگەرچی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نوسینەکان لە ڕووی قەبارەوە زۆر و فرەبابەت بوون، بەڵام ئاوڕدانەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی ژیانی جووتیارەوە نەبووە، تەنانەت میکانیزم و شێوەکانی کارکردنی جووتیارەکانیش بە ناڕوونی خراونەتەڕوو.

**٢.** ئاست و جۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەپێی جوگرافیای سروشتی ناوچەکان و دەستیکار، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ژینگەی سروشتی ئەهواز بۆ چاندنی قامیشێ شەکر و بەرهەمهێنانی لۆکە لەبارتر بووە، لە کاتێکدا تەبەرستان بۆ چاندی چەڵتووکی برنج و پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر کارکردنی جووتیارەکانی هەر یەک لەو دوو ناوچەیە هەبووە.

**٣.** لە ناوهێنانی بەرهەمەکاندا، زیاتر گرنگیدراوە بە بەرهەمە بازرگانییەکان وەک لۆکە، لە بەرامبەردا خۆراکی ڕۆژانە و سەرەکی کۆمەڵگە بە تایبەتی گەنم و جۆ زۆر بە کەمی ئاماژەیان پێدراوە.

**٤.** لەوانەیە هەندێک بەرهەمی وەک دانەوێڵە و کەرەستەی خاوی ڕستن و چنین، بە هۆی خواستی بازارەوە زیاتر گرنگییان پێدرابێت، چونکە ئەوەی یەکەم خۆراکی ڕۆژانەی خەڵکی بووە و لە زۆربەی ناوچەکاندا گەنم و جۆ بەرهەم هاتووە و چەندین ئاش لە سەر ڕووبارەکان هەبوون، تەنانەت لە ناوچەکانی مازندەران و تەبەرستان، سەرەڕای کەشی باراناوی، هێشتا چاندنی گەنم و جۆ پشت گوێ نەخراوە، ئەمەش هێمای کاریگەریی خواستی بازارە لەسەر چاندنی دانەوێڵە، هەروەها چاندنی پۆمۆش هەمان دۆخی هەبووە، چونکە هەم قوماش و هەمیش بۆ بازرگانیکردن تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەم هاتووە.

**٥-** جوگرافیای سروشتی و مرۆیی ناوچەکانی خۆرهەڵات لە میانەی پەرتووکە وڵاتناسییەکاندا بە ڕێژەی جیاواز گرنگییان پێدرواە، لەوانەیە دۆخی سیاسی و سیستماتیزەکردنی نووسینی جوگرافی کاریگەرییان لە سەر ئەدەبیاتی جوگرافینووسی هەبووبێت، بە جۆرێک لە سەرەتای سەرهەڵدانی نووسینە جوگرافییەکاندا زیاتر گرنگی بە نزیکی و دووری ڕێگەکان لە بەغدادەوە دراوە، بەڵام دواتر جگە لە گرنگیدان بە دووری و نزیکی ڕێگەکان، گرنگی بە بەرهەمی جووتیاران و تەنانەت هەندێک لایەنی کولتووری و ئایینیش دراوە.

٦- ڕێژەی ئاماژەپێکردنی پەرتووکەکان بە بەرهەمی دانەوێڵە، لە چاو بەرهەمەکانی دیکە زۆر کەم بووە، هەرچەندە گەنم و جۆ بە تایبەتی خۆراکی سەرەکی کۆمەڵگەن، لەوانەیە ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بگەڕێتەوە، یەکەم: گەنم و جۆ بە ڕێژەی جیاواز لە هەموو ناوچەکان چیندراون و تایبەتنەبوون بە یەک ناوچەوە، دووەم: ئەدەبیاتی جوگرافینووسی لە سەدەکانی ناوەڕاست بە گشتی، هێندەی هەوڵی تۆمارکردنی تایبەتمەندیی ناوچەکانی داوە هەوڵی خستنەڕوووی خاڵە لێکچووکانی نەداوە، هەر وەک چۆن چەندین کتێب بە دەستەواژی وەک (عجایب البلدان) ئاماژەیان بە جوگرافیای مرۆیی و سروشتی ناوچەکان کردووە.

٧- ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە هەر ناوچەیەک، هەتاوەکو زیاتر بووبێت، هەم پیشاندەری دەستی کاری زیاتر و ژینگەی سروشتی لە بارتر بووە، هەمیش ئاماژەیەک بووە بە خستنەڕووی زیاتری بەرهەم و بزارگانیپێکردنی و لە هەمان کاتیشدا دەوڵەمەندی ناوچەکە و خۆراگری زیاتری ئەو ناوچەیە لەبەرامبەر هەر کارەساتێکی سروشتی و ڕووداوێکی مرۆییدا، نمونەی ئەمەش ناوچەکانی خوارسان و ماوراءالنهر بووە، کە لە چەندین قات و قڕیشدا، مەترسی کەمتر لە سەر ژیانیان بووە و تەنانەت لە ڕووی خانوو و خواردنەوە لە چاو جووتیارانی ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵات لە دۆخێکی باشتردا بوون.

ڕاسپارەکان:

١. مادام جووتیار زیاتر لە جوگرافیای گونددا بووبێت، ئەوا گرنگیدانی زیاتر بە توێژینەوەکانی گوندناسی زیاتر تیشکدەخاتە سەر ژیان و بەرهەمی جووتیاران.

٢. هاوتا لەگەڵ گرنگیدان بە پەرتووکە وڵاتناسییەکان، لێکۆڵینەوەی پەرتووکەکانی ژیاننامە و چینەکان (التراجم و الطبقات) بۆ بەراووردکردن و وێنای ژیانی جووتیار و گرنگیدانی کۆمەڵگە بە لایەنی کشتوکاڵی زۆر بە سوددەبێت.

٣. پێویستە داتاکانی بەرهەمی جووتیارەکان لەگەڵ ئاستی هەناردە و پەیکەری ئابووری خیلافەت و میرنشینەکان بەراورد بکرێت، هەتا ڕادەی بەشداری جووتیار لە بەرهەمهێنانی ئابووریدا دەربکەوێت

سەرچاوەکان:


1. إبراهيم مصطفى و آخرون (١٤٢٥هـ)، معجم الوسيط، دار الدعوة، القاهرة.
2. ئەحمەد، سۆران بەها(٢٠١٩)، کشتوکاڵ و خۆراک لە هەرێمی چیا، ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، سلێمانی.
3. الإدريسي،محمد بن محمد(١٤٠٩هـ)، نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، عالم الكتب، بيروت.
4. الإسفراييني، أبوعوانة يعقوب بن إسحاق(١٤٣٥هـ)، المسند الصحيح المخرج على صحيح مسلم، تحقيق: رسائل جامعية وبحوث أكاديمية بكلية الحديث الشريف بالجامعة الإسلامية، الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة.
5. الأصفهاني، مفضل بن سعد المافروخي (١٤٢٣هـ)، محاسن أصفهان، تحقيق: عارف احمد عبدالغني، دار كنان، دمشق.
6. الأصطخري، إبراهيم بن محمد(٢٠٠٤م)، المسالک و الممالک، تحقيق: محمد جابر عبدالعال الحيني، الهيئة العامة لقصر الثقافة، القاهرة.
7. البلاذري، أحمد بن يحيى(١٩٨٨م)، فتوح البلدان، دار و مكتبة الهلال، بيروت.
8. ابن بلخی(١٣٧٤ش)، فارسنامه، تحشيه: منصور رستگاری فسایی، بنياد فارس شناسی، شيراز.
9. البيروني، محمد بن أحمد (١٣٧٤ش)، الجماهر في الجواهر، تحقيق: يوسف الهادي، مركز پژوهشی ميراث مكتوب، تهران.
10. البيروني،محمد بن أحمد(١٣٨٠ش)، آثار الباقية عن القرون الخالية، تحقيق: پرويز اذكائی، ميراث مكتوب، تهران.
11. التوحيدي: علي بن محمد بن عباس(١٤٢٤هـ)، الإمتاع و المؤانسة، تحقيق: هيثم خليفة الطعيمي، المكتبة العصرية، بيروت.


**Commented [E9]:** بریا سەرچاوە رەسەنەکان و سەرچاوە نوێکان بەجیا بنووسرانایە
لەوانەیە ئەم شێوازە بۆ گەڕانەوەی خوێنەر باشتر و ئاسانتر بێت، چونکە لە ناو دەقەکەدا سەرچاوەی ڕوەسەن و سەرچاوەی نوێ جیا نەکراونەتەوە، ئەگەر ئێمە لێرەدا جیایان بکەینەوە ئەو کات خوێنەر پێویستی بە دوو جار گەڕانە بۆۆ دۆزینەوەی ناونیشانی تەواوەتی سەرچاوەیەک ، ئەگەر هەڵسەنگێنەری بەڕێز وای پێباشتر بوو جیا بکرێنەوە، تکایە ئاگادارم بکەنەوە


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

12. حسن، زاجية عبدالرزاق (٢٠٠٩م)، الحياة الاجتماعية و الاقتصادية في مؤلفات الجاحظ، أطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة البصرة.
13. ابن حوقل، أبوالقاسم محمد (١٩٩٢م)، صورة الأرض،:دار مكتبة الحياة، بيروت.
14. ابن خرداذبة،عبيدالله بن عبدالله(١٩٩٢م)، المسالك و الممالك، دار صادر، بيروت.
15. الخالدي و الجبوري، رغيد كمر مجيد و خالدة حمود سلمان(٢٠١٩م)، 'الأحوال السياسية و الإقتصادية لمدينة عبادان خلال العصر العباسي'، مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد، عدد١٢٩، صص٢١٧-٢٣٢.
16. خلف، محمد حسين خلف(٢٠٢٢هـ)، الأوضاع الحصارية في المشرق الاسلامي في القرنين (الثالث و الرابع الهجري/التاسع و العاشر الميلادي) من خلال كتاب أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم للمقدسي البشاري، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التاريخ، جامعة الأديان و المذاهب، قسم التاريخ الاسلامي.
17. الداغر، عبدالمحسن جعفر(٢٠٠٩م) 'ملامح من الحياة الاجتماعية في ماوراءالنهر حتى عهد الدولة السامانية'، مجلة مركز دراسات الكوفة، مركز دراسات الكوفة، الكوفة، مجـ١/ العدد ١٣، صص١٠٣-١٣٠.
18. الداغر،عبدالمحسن جعفر(١٤٢١هـ)، سرخس: دراسة في أحوالها السياسية و الأقتصادية و الأجتماعية و الفكرية من الفتح العربي الإسلامي حتى الغزو المغولي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة البصرة، كلية الآداب، قسم التاريخ، البصرة.
19. الرسولي، العباس بن على داود(٢٠١٦هـ)، بغية الفلاحين في الاشجار المثمرة و الرياحين، تحقيق: خالد بن خلفان الوهيبي، دار الفرقد، دمشق، صص٥٢٩-٥٤٠.
20. سمرقندى، نظامى عروضى(١٩٥٨م) چهار مقاله، تصحيح: محمد قزوينى، انتشارات ارمغان، تهران.
21. الشهابي، مصطفى(١٣٨٠ش)، 'كتب الفلاحة العربية و ألفاظها المولدة'، مجلة المجمع العلمي العربي، مجـ٣٥، دمشق، (١٣٨٠هـ)،صص٥٢٩-٥٤٠.
22. صفيپورى، عبدالرحيم بن عبدالكريم(١٢٩٦ش)، مطبعة محمد حسين، تهران.
23. عبدالباقي، احمد (١٩٩١م)، معالم الحضارة العربية في القرن الثالث الهجري، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
24. العبيدي، صلاح(١٩٧٩م)، 'الفلاح: نماذج من صوره على الآثار العربية الإسلامية'، مجلة الآداب، جامعة بغداد، بغداد، (١٩٧٩م)، صص ٣٦٧-٣٩٤.
25. العمراني، يحيى بن أبيالخير(١٤٢١هـ)، البيان في مذهب الإمام الشافعي، تحقيق: قاسم محمد النوري، دار المنهاج، جدة.
26. ابن الفقيه الهمداني، أحمد بن محمد(١٤١٦هـ)، كتاب البلدان، تحقيق: يوسف الهادي، عالم الكتب، بيروت.
27. القزويني، زكريا بن محمد(١٩٩٨م)، آثار البلاد و أخبار العباد، دار صادر، بيروت.
28. قمي، حسن بن محمد(١٣٨٥ش)، تاريخ قم، ترجمه: حسن بن بهاءالدين علي بن حسن بن عبدالملک قمى، تحقيق: محمدرضا انصارى قمي، انتشارات مرعشي نجفي، قم.
29. كرماني، افضلالدين(١٣٨٤ش)، عقد العلى للموقف الأعلى، شرح و تحليل: مريم ايرانمنش، اطلاعات، تهران.
30. لسترنج، كاى(١٤١٣هـ)، بلدان الخلافة الشرقية، تعليق: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، شريف رضي، قم.
31. لمبتن، آن(١٣٧٢ش)، تداوم و تحول در تاريخ ميانه ايران، تر: يعقوب آژند، نشر نى، تهران.
32. الماوردي، علي بن محمد (١٤٠٣هـ)، نصيحة الملوک، تحقيق: خضر محمد خضر، مكتبة الفلاح، الكويت.
33. محمد، نسرين فتحي بيومي(١٤٤٣هـ)، مدينة أصطخر منذ الفتح الإسلامي حتى قيام الدولة البويهية (٢٣-٣٢٢هـ/٦٤٣-٩٣٣م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عين الشمس، كلية الآداب، قسم التاريخ، القاهرة.
34. محمد حياتى و ديگران (١٣٩٩ش)، 'تاريخ اقتصادى طبرستان در دوره اسلامى تا پايان سده چهارم هجرى:مزيت‌هاى اقليتى و چند و چون مشاغل'، پژوهشنامه تاريخ تمدن اسلامى، دانشكده الهيات و معارف اسلامى، دانشگاه تهران، شماره يكم، صص٣٣-٥٣.
35. مرعشي، ظهيرالدين بن سديدالدين(١٣٦١ش)، تاريخ طبرستان و رويان و مازندران، تصحيح محمد جوا مشكور، مؤسسه مطبوعاتى شرق، تهران.
36. المروزي، إسحاق بن منصور(١٤٢٥هـ)، مسائل الإمام أحمد بن حنبل وإسحاق بن راهويه، الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة.

37. المستوفي، حمداالله بن تاجالدين(١٣٨١ش)، نزهة القلوب، تصحيح: محمد دبيرسياقى، حديث امروز، قزوين.
38. المظفر، احمد شهاب احمد(١٩٨٨م)، إقليم الأحواز منذ ظهور الإسلام و حتى نهاية القرن الخامس الهجري، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة البصرة، كلية الآداب، قسم التاريخ، البصرة.
39. المقدسي،محمد بن احمد(١٤٢٤هـ)، أحسن التقاسيم في المعرفة الأقاليم، تعليق: محمد أمين الضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت.
40. إبن منظور، محمد بن مكرم(١٤١٤هـ)، لسان العرب، تحقيق: اليازيجي و جماعة من اللغويين، دار صادر، بيروت.
41. منور، محمد (١٣٦٦ش)، اسرار التوحيد في مقامات الشيخ ابي سعيد، تصحيح: محمدرضا شفيعى كدكنى، آگاه، تهران.
42. مؤلف مجهول (١٩٨٨م)، حدود العالم، دار و مكتبة الهلال، بيروت.
43. مهلهل: مسعر الخزرجي(١٩٧٠م)، الرسالة الثانية، تحقيق: پطرس بلغالوف و أنس خالدوف، ترجمة: محمد منير مرسى، عالم الكتب، القاهرة.
44. ميكل،أندري(١٩٩٢م)، جغرافية دار الإسلام البشرية، ترجمة: ابراهيم خورى، اشبيلية، دمشق.
45. ناجى،محمدرضا(١٣٩٣ش)، 'سامانيان'، بجنوردى،كاظم موسوى، تاريخ جامع ايران، تهران:مركز دائرة المعارف بزرگ اسلامى، ج٦.
46. ناصر خسرو، القباديانى المروزي(١٣٣٥ش)، سفرنامه، به كوشش: محمد دبيرسياقى، انتشارات كتابفروشى زوار، تهران.
47. النرشخي، محمد بن جعفر(١٣٦٣ش)، تاريخ بخارا، تر:أبونصر احمد بن محمد القباوي، تصحيح: محمدتقى مدرس رضوى، توس، تهران.
48. نظامالملک، حسن بن علي (١٣٦٤ش)، سياست نامه، به اهتمام: هيوبرت دارک، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران.
49. نيشابورى، محمد بن حاكم(١٣٧٥ش)، تاريخ نيشابور، ترجمه: محمد بن حسين خليفه نيشابورى، تصحيح: محمدرضا شفيعى كدكنى، آگه، تهران.
50. ابن وحشية، أحمد بن علي(١٩٩٣م)، الفلاحة النبطية، تحقيق: توفيق فهد، ليماسول، قبرص.
51. اليعقوبي،أحمد بن إسحاق(١٤٢٢هـ)، البلدان، تحشية: محمد أمين ضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت.

52. ARSLAN, İhsan (2011), *MUKTEDİR DÖNEMİNDE ABBÂSÎLER'DE SOSYAL HAYAT,* Ssyi17,İstem Derigs, *Konya.*
53. Lambton Ann K.S., 'FILAHA', the Encyclopedia Islam, Lewis and Others, Vol.2, Brill, Leiden.
54. Lane, Edward William (1865), An Arabic-English Lexicon, vol. 1, Libraire du liban, Beirut.

**ملخص:**

رغم أن الكثير من الأدبيات التاريخية تدور حول الجوانب السياسية للماضي، فإن جهود ومنتجات الفلاحين والعمال المجهدين تظهر بين المراجع المجزأة وغير المباشرة، حيث يتضح أن إنتاجهم الزراعي لا يقتصر على ضروريات الحياة اليومية بل يشمل أيضًا البنية التحتية للصناعات مثل النسيج والخياطة والصناعات التقليدية، حتى التجارة في المواد الغذائية كانت نتاج عملهم .

في هذه الدراسة، تم تناول مناطق المشرق الإسلامي في العصر العباسي (132-658هـ/750-1258م)، والتي تشمل بشكل رئيسي مناطق خوزستان، فارس، الجبال، وطبرستان، قم، خراسان، سجستان، ومرو وما وراء النهر .

لتحقيق مصطلح الفلاح و كما اورده بعض من الكتب، استخدمنا منهج الدراسة تحليلي و عن موضوع منتجات الزراعية و توزيع الجغرافية لها، استخدمنا منهج الوصفي، حيث يتم من خلال تكرار الإشارات إلى كل منتج من المنتجات الزراعية عرض افتراض إنتاج المنتجات الأخرى كل على حدة.

وفي هذا السياق، يُعتبر كل منتج من المنتجات الزراعية بمثابة النشاط المباشر للفلاح، والإشارة إلى كل منها، في الواقع، تعكس عملية حرث الأرض وزراعتها. لذلك، تحاول هذه الدراسة إظهار أنشطة المزارعين في مختلف أنحاء المشرق الإسلامي.

**الكلمات الدالة:**
الفلاح، المشرق الإسلامي، النسيج، المنتجات الزراعية

Abstract:

Although the bulk of historical literature is on political affairs, the sweat and strive of the peasant group can be extracted under the debris and ruins of that history, which showcases their fruitful agricaltural prodcuts. In such away that not only did they provide daily necessities ,but also strongly partook in strengthening infrasturactural equipment, business exchange weaving indsutry and more.

In this research, I have striven to take the Abassid era(132-656A.H/749-1258 A.D) as
, Jibal-my fr
Tabaristan, Qoms, Khorasan, Sistan and Transoxiana. The research method adopted is analytical for the introduce of Peasant and the method of descriptive to Show agricultural products. The numerical repetition of agricultural products is investigated as an indication of the amount of products bred during that period. Also, a thorough analysis is done in regards to primary material used in weaving and whether religious, environmental, societal and farming effects did leave any prioritization on the materials used.

Direct mentioning of each of the agricaltural products of the peasants is counted as their own direct footprint instead of a passive analysis of the product itself separately. This research strives to explore the variety of agricultural production in the Eastern Islamic caliphate with all its local topological and environmental differences.

Keywords:
Peasant, Eastern Islamic caliphate, weaving, agricultural product